فیلمی سینەمایی کوردی "خاڵا تاریا" لە شاری هەولێر نمایش دەکرێت.. مێنسوور جیهانی

ـ فیلمی کوردی "خاڵا تاریا" لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد "ئایشە پەلات" و لە بەرهەمهێنانی "مەمەد ئەکتاش" کاتژمیر ٧ی ئێوارە ١٥ی چوارشەمە ٧ی فێبریوەری 2024 لە سینەما "ئیمپایەر"ی فامیلی مۆڵ لە شاری هەولێر نمایش دکرێت.

فیلمی سینەمایی "خاڵا تاریا" (خاڵی تاریک) In The Blind Spot لە بەرهەمهێنانی کۆمپانیای سینەمایی "میتۆس فیلم" Mitosfilm بە بەڕێوەبەری سینەماکاری کورد "مەمەد ئەکتاش" Mehmet Aktaş و لە نووسین و دەرهێنانی "ئایشە پەلات" Ayşe Polat دەرهێنەری باکووری کوردستان، لە بەرهەمهێنەری هاوبەشی کۆمپانیای "پەنکت" و تەلەڤیزیۆنەکانی WDR و Arteو بەرهەمی وەاتی ئەڵمانیا، لە نمایشکی تایبەتدا بە هاوکاری ئەنستیتۆی "گۆتە" Goethe-Institut ئەڵمانی لە کاتژمیر ٧ی ئێوارە ١٥ی چوارشەمە ٧ی فێبریوەری (شوبات) 2024 لە سینەما "ئیمپایەر"ی Empire فامیلی مۆڵ لە شاری هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان پیشان دەدرێت.

"خاڵا تاریا" کە لە لایەن کۆمپانیای "ئارت هوود ئینتەرتەینمنت" ArtHood Entertainment لە ئاستی دنیادا بڵاوەبێتەوە، لە یەکەمین نمایشی جیهانی خۆیدا لە بەشی پشبڕکێی "بەرکەوتنەکان" Encounters لە حەفتا و سێیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی "بەرلین" Berlinale لە وەاتی ئەڵمانیا نمایش کرا و کاندیدی وەرگرتنی خەاتی ئەم رووداوە پەبایخ و پلە یەکەمی سینەمای جیهان بوو.

ئەم فیلمە کوردییە لە دووهەمین بەشداری نێودەوڵەتی خۆیدا لە بەشی پشبڕکێی "نەتەوەیی" لە چل و دووهەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "ئەستەنبوو" Istanbul نمایش کرا و توانی چوار خەاتی ئەم رووداوە گرینگە سینەماییە بەدەست بێنێت، لەوانە: خەاتی باشترین فیلم بە "مەمەد ئەکتاش"، خەاتی باشترین سیناریۆ بە "ئایشە پەلات"، خەاتی باشترین مۆنتاژ بە "سەرحەت مەتلە" Serhat Mutlu و "یۆرگ ولکمار" Jörg Volkmar و هەروەها خەاتی "فیپڕێشی" FIPRESCI واتە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕەخنەگرانی فیلم بە هۆی "تەرکیز لەسەر

جیاوازییە ئەخلاقییەکان لە کردەوەی ڕۆژانەی کەسەکان و گرینگترین بایخەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا".

فیلمی سینەمایی In The Blind Spot لە ڕیگەی چیرۆکی یەکێک لە دایکانی شەممە، باس لە هەوڵی تیمێکی ئۆپەڕاسیۆنی دەکات کە دەیانەوێت بڵێگەفیلمێک لە بارەی ژیانی "ئەیووب ئازیز چاپکورت"، پارێزەری مافەکانی مرۆڤ بکوژن.

فیلمی سینەمایی "خاڵی تاریک" لە دوایین بەشداریی نێونەتەوەیی خۆیدا لە بڕشی "سینەمای کوردی" فیلمێ بینەرکاندا لە دەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی "دهۆک" Duhok پیشاندرا و خاڵاتی باشترین سیناریۆ بە خاتوو "عایشە پەلات" بەخشرا و هەروەها خاڵاتی "فیپڕشی" FIPRESCI واتە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕەخنەگرانی فیلمی بەدەستهێنا.